هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 43

سالی/ 2007 – بەرگی چل و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالی 2008

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/11 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/12 ل75

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/17 ل129

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/18 ل189

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/19 ل225

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/25 ل293

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/26 ل343

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/2 ل371

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/3 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/9 ل483

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/17 ل531

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/10/18 ل579

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

کاک غەفور نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەنیسبەت کارنامە زۆر جار کە نوقتەی نیزاممان کردووە، زۆر درەنگ گەیشتۆتە دەستمان، مەسەلەن ئێستا ئەوانە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەلایان نییە، یەعنی نەیانزانیووە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆ چیە، دواتر زیاتر ئەوەی کە باس کراوە باجەکانە، باجی دەرامەتە، باجی زەوی بەتاڵە، باجی داهاتە، حەق بوو بەڕاستی بەلای کەمی لە سندوقەکان دانرا بوایە، بەیانیان کە دێین وەریبگرین، ئەو پرۆژە یاسایانەو راپۆرتەکان لە مەکتەبەکانمان هەبێت لەگەڵ خۆمان دەیهێنین بۆ هۆڵی پەرلەمان و موناقەشە دەکرێت، حەقە بەڕاستی موعالەجەی ئەو موشکیلەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو برِیادەری لیژنەی ناوخۆ، یەعنی پێم سەیرە ئەوە بەرنامەی کار، یەعنی ئێمە وەکو لیژنە مەعنین یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئێمە هیچ مەعلوماتمان نەبووە، کە ئەمڕۆ کۆبوونەوە هەیە، خۆشمان ئامادە نەکردووە هەرچەندە راپۆرتمان هەیە، داوای تەئجیل دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت نوقتەی نیزامی کاک غەفور بەرنامەکە زۆر وازیحە، خاڵی یەکەم خراوەتە بەرنامەی کار لە دانیشتنێکی نائاسایی لەگەڵ پرۆژەی دەسەڵاتی دادوەری، کەواتە ئۆتۆماتیکیەن ئەو برگەی دوای ئەو دێتن دەبێت موناقەشە بکرێتن، ئەوە یەك.

دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمیەتی ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێتن، ئەوانی تر خستنەڕوو و گفتوگۆیە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی لیژنەکان کراوەتەوە، پێویستە لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 85

**ساڵی/ 2012 – بەرگی هەشتاو پێنج**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2013**

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/11/19 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/20 ل 105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/21 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –دوو شەممە 2012/11/26 ل 167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/27 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/3 ل 213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/4 ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/10 ل 287

تکایـه، تەئکیـد ئەکەمـەوە جەریمـە، جـەنابت قـانونی، جەریمـە حـەق نیـە بـەکاری بـێنی، هـەم وەکـو پەرلەمانتارێك، هەم وەکو قانونیـەك، بـەلاَم بلێین وەزعـی پەرلەمانەکەی ئێمـە ئاوایـە، پەرلـەمانتارەکانی ئێمە بەو زمانە قسە ئەکەن، میللەت چۆن قبولْ ئەکات تۆ ئـەو قسـەیە بکـەی؟ کاکـە تـۆ پەرلـەمانتاری، تـۆ قانونی برای خـۆم، لەسـەر ئـەو قسـەیە ئـەتوانین تەقـدیمی مەحکەمـەت بکـەین، جەریمـە مـەفهومی خـۆی هەیە، بۆ هەموو شتێکتان کردووە بە ڕەهایی؟ نا، بـرای مـن، تـۆ قـانونی و پەرلـەمانتاری نـابێ ئـەو قسانە بکەی، ئەو وشەیە بسڕنەوە لە پرۆتۆکۆل، فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر حمدامین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای ئەم موداخەلە و سەرنجانە بە پێویستی ئەزانین هەندێك زانیـاری و ڕاسـتی تـر هەیـە بیخەینـە پـێش چاوی بەڕێزتان، یەکەم، یاسای وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاَ ژمـارە (10) ی سـالّی 2008 لـە مـاددەی (52) دا دەلّێ کە ئەمە لە مانگی شەشی 2008 دەرچووە، ئەلّێ (دوای دەرچوونی ئەم یاسایە لە مـاوەی سـێ مانگـدا حکومەتی هـەرێم پـرۆژە یاسـایەك بـۆ زانکـۆ ناحکومیـەکان دەنێـرێ بـۆ پەرلـەمان، لـە مـاوەی سـێ مانگـدا نەنێردراوە، بەلاَم لە ماوەی هەشـت مانگـدا نێـردراوە بـۆ پەرلـەمان، بـەلاَم لەبـەر ئـەوەی کەوتۆتـە کۆتـایی خولی ڕابردوو نەیتوانیوە پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتەکان ئەوکات موناقەشە بکات، دوای ئەوەی ئەم خولەی ئێستا کە ئێمە هاتین، جارێکی تر لـە سـەرەتای سـالّی 2010 پـرۆژە یاسـای زانکـۆ تایبەتـەکانمان پێشـکەش کرد، لە مانگی شەشی 2010 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لە مانگی تەمووز و ئـاب لـەکاتی پشـوودا لـە سـالّی 2010 ئێمـە وەکـو لیژنـەی پـەروەردە زنجیرەیـەك کۆبوونـەوەمان لەسـەر کـردووە، لەگـەلّ زانکـۆ تایبەتەکانیش ئەوکات وەزارەتی خوێندنی بالاَ ڕاپۆرتێکیـان بـۆ نـاردین، لـە 90٪ پێشـنیارەکانمان خسـتۆتە ناو تەقریری هاوبەشەوە ئەوکات، دوای ئەوە لە مانگی 12 ی سالّی 2010 واتە دوو سالّ پێش ئێستا کـاتی گفتوگۆ بۆ پرۆژە یاسـای زانکـۆ تایبەتـەکان دانـرا، بـەلاَم لەسـەر داواکـاری بـەڕێز وەزیـری خوێنـدنی بـالاَی ئەوکات جارێکی تر تەئجیل کرا بە پاساوی ئەوەی کە ئەوان پرۆژە یاسایەکی تریان ئامادە کـردووە بـەناوی پرۆژە یاسای (خوێندنی بالاَ و توێژینەوەی زانستی) ئەوکات وتمان لەماوەی سێ مانگدا پێویستە ئەم پرۆژە یاسایە بنێردرێت لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان، پرۆژە یاسـاکە تـا ئێسـتاش نـەنێردراوە بـۆ پەرلـەمان، ئێمـە بەدوا داچوونمان کردووە، چەندین نووسراومان کردووە وەکو لیژنە کە ئەلّێین پێویستە ئەو پـرۆژە یاسـایە بنێـردرێ، لەگـەلّ وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاَ کۆبوونـەوەی هاوبـەش و ووۆرکشـۆپی هاوبـەشمان کـردووە بـۆ دەولّەمەند کردنی پرۆژە یاساکە، پرۆژە یاساکە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بـووە، بـەلاَم ماوەیـەك پێش ئێستا کاك دکتۆر عەلی سەعید لە من باشتر ئەزانێ کاتەکەی لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێنـدنی بـالاَ بـە تێکـڕای دەنـگ جگـە لەیـەك بـەڕێز هـەموویان داوایـان کـردووە جـارێکی تـر ئـەم پـرۆژە یاسـایە لـە ئەنجومەنی وەزیران بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاَ، بەتایبەتی سەرۆکی زانکۆکان داوایان کردووە تا زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکەن، تا زیاتر دەولّەمەندی بکەن، لەبەر ئەوەی ئیشکالیەت و موشکیلە هـەبووە، بـۆ

نموونە، لە کۆلیژی پزیشکی لـە زانکـۆی سـلێمانی تەڵەبـەکان ڕازی نـەبوون بـەناوی سـکوڵەوە بەکـەلۆریۆس وەرگرن، دوایان کردووە بەناوی کۆلیژەوە بەکەلۆریۆسیان پێبدرێ، بۆیە لەوێ ناچار بوون بڵێن دەرچووانی سکوڵی کۆلیژی پزیشکی، کەواتە پرۆژە یاساکە هێشتان وەحدەیەکی ڕەئی و هەڵویستی لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆکانەوە کە لە ئایندەدا ئـەوان جـێ بـەجێ ئەکـەن نیـە، بۆیـە تـا ئـەم پـرۆژە یاسـایە دێـت ئێمـە پێمـان وتووە، بە وەزیریشمان وتووە کە ئەبێ پەلە بکات لە کۆنووسی ئەمڕۆمانـدا، بـەڵام پێشـبینی ئـەوە ئەکـەین ئـەم پـرۆژە یاسـایە لـەم دەورەدا دەرنەچـێ، سـەبارەت بـە زانکـۆ تایبەتـەکانیش لـە دوێـنێ و لـە ئێستاشـدا ئەمڕۆش جەختمان لەسەر کردۆتەوە فەراغێکی قانونی هەیە، بۆیە پێویست ناکا چیتر دوای بخەین، ئەوەی ئەمڕۆش ئەم 10ڕۆژە ئێمەش بە پێویستی ئەزانین، بەڵام بە تەئکید لـە مـاوەی 10 ڕۆژدا ئـەبێ وەزارەتـی خوێندنی باڵا ڕاپۆرتی خۆی بهێنێ، داخیلی پرۆسەی گفتگۆ بـبین، بـۆ ئـەوەی لـە کۆتـایی ئـەم دەورەیـە دا ئێمە یاسای زەنگۆ تایبەتیەکان دەربکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە بڕیارمان دا خاڵی یەکەم دوا بخرێ هەتا وەزارەت ئامادەسازی خۆی ئەکات، ئەچینە سـەر خـاڵی دووەم، لیژنەی خوێندنی باڵا بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان زەحمەت نەبێ، ئەچینە سەر خاڵی دووەم

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پەرلەمان داخیلی موناقەشەکە بـوو، سـەعاتەکە لیژنـەی تایبـەت قسـەی لەسـەر دەکات، سـەبەبەك هـەبووە نەیانتوانیوە موناقەشە تەواوبکەن، مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی مافی ئەوەی هەیە تەئجیلی ئەو مەوزوعە بکات، مەوزوع پاش و پێش نیە، پاش و پێش بۆ ئەو حاڵەتەیـە ئەگـەر داخیلـی موناقەشـەی بەندەکان نەبووین، ئەوە تەقریبەن 40 دەقیقەیە ئێمە موناقشە لەسەر ئەو مەوزوعە ئەکەین، لەبەر ئەوە پێویستی بە دەنگدان نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە 11 ی ساڵی 2012 دەربارەی پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (10) ی سـاڵی 2011، داوا لـە سەرۆکی پەرلەمان ئەکەم داوا لە لیژنەی ناوخۆ بکات بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، نوقتەی نیزامت هەیە كاك ئارام؟ فەرموو

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سەبارەت بەم پرۆژە یاسایە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (20) پێویستە دوو ڕۆژ پێش ئەوە ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بكرێن، ئەمە یەك، دوو، ئێمە پێنج مانگە پرۆژە یاسایەكمان پێشكەش كردووە سەبارەت بە ڕێكخستنی پاسەوانەكانی بەرپرسانی هەرێم، چونكە یەعنی جاری پێشووش هەموو ئەندامانی پەرلەمان و هاووڵاتیانیش ئەزانن كە كێشەی پاسەوانەكان تەنها كێشەی پەرلەمانتاران نیە بەراستی، بەڵكو زۆربەی زۆری بەرپرسان گەورەترین كێشەیە، وەك لەو كێشەی پێشتر كە لە (مالیكی)دا دەركەوت كە مالیكی مووچە و بودجەی پاسەوانەكانی بەرپرسەكانی هەرێم ئەبڕێت، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژە یاسایە ئێمە دووجار تەئكیدمان كردەوە كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ، لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایە یەكبخرێت، بەڵام تا ئێستا نەكراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جارێ ئەم پرۆژە یاسایە پێویستی بە بیركردنەوە نیە بەراستی، ئەمە وەختی خۆی لێرە موناقشە كراوە، و بەس بۆ هەموار كردنیەتی، ئەمە نە شتێكی فیكریە، نە شتێكی گەورەیە كە 24 سەعاتی بۆ دابنێی و بیری لێ بكەیەوە، ئەمە یەك، دووەم ئەو حیمایانەی كە جەنابت باسی ئەكەی لەسەر بوجەی هەرێمی كوردستان نیە، لەسەر بودجەی حكومەتی عێراقیە، لەبەر ئەوە كە لەسەر بودجەی كوردستان نەبێ موناقەشەی چی بكەین كاكە؟ قسە كراو ئەچینە سەر بەرنامەی كار، فەرموو كاك عەونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ڕاپۆرتێكی هاوبەشمان ئامادە كردووە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، ئێستا ئەیخوێنمەوە:

**الى/رئاسه برلمان كوردستان-العراق**

**م/تقرير مشترك حول مشروع قانون**

اجتمعت اللجنتان (الشؤون القانونية) و (الداخلية والامن والمجالس المحلية) بصورة مشتركة، بتاريخ 6/سەرماوەز/2712 كوردي المصادف ليوم 2012/11/27 ميلادي لدراسة مشروع قانون (حماية اعضاء برلمان كوردستان-العراق، رقم 1- لسنة 2011) الذي شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقمة (30) و المنعقدة بتاريخ 2011/6/27، واعترض عليه السيد رئيس الاقليم بقرار رئاسة الاقليم المرقمة

(19) في 2011/7/18 واعادة الى البرلمان بكتاب رئاسة الاقليم المرقمة (د-435) في 2011/7/19 و بعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى مايلي:

بالنسبة للمادة الاولى من القانون، تقترح اللجنتان اعادة صياغتها كالاتي:

المادة الاولى:

تعتبر خدمة الافراد في الحماية المستمرين في الخدمة لدى عضو البرلمان خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد وتسري احكام قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (18) لسنة 2011 النافذ في الاقليم او اي قانون اخر يحل محله على افراد الحماية المشمولين باحكام هذا القانون

بالنسبة للمادة الثانية، تقترح اللجنتان صياغتها كالاتي:

المادة الثانية:

لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لا يزيد على ثلاثة افراد يتم تعيينهم على ملاك وزارة الداخلية ويكون ترشيحهم ونقلهم بناء على طلب العضو، ويحتفظ العضو بعد انتهاء عضويته باحد من افراد الحماية بصورة دائمية وللبقية الاستمرار في اداء الخدمة لدى لقوى الامن الداخلي ويتم توزيعهم على مديريات شرطة الحراسات في المحافظات والادارات في الاقليم حسب محل اقامتهم

والمواد من (الثالثة) الى (الثامنة) تبقى كما هي.

**الاسباب الموجبة**

لتنظيم شؤون افراد حماية اعضاء البرلمان ضمن تشكيلات قوى الامن الداخلي في الاقليم حفاظا على حقوقهم في الخدمة والتقاعد، فقد شرع هذا القانون

راجين التفصيل بالاطلاع وعرض التقريرالمشترك بشانه على البرلمان للماقشة وابداء الراى المناسب والتصويت

**مع التقدير...............**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی هەتانە؟

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرجومە کوردیەکەی نەکرایە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە لای ئەندامانی پەرلەمان مەعلوم بێ یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2011 یاسای پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لێرە پەرلەمان پەسندی کرد، و ناردرا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی هەبوو لەسەر ماددەی دووەم لە پرۆژە یاسایەکە، کە لە ماددەی 2 دا هاتووە ئەڵێ هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە چوار پاسەوانی هەبێت، و دوای خانەنشینیش دوو پاسەوانی لەگەڵ بمێنیتەوە، ئێمە وامان پەسند کردبوو، بەڵام بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی لەسەر هەبوو، ئێستا ئێمە وامان پێباشە کە ئەندامی پەرلەمان سێ پاسەوانی لەگەڵ بێتن کە لەکاتی کارکردن دایە، و ئەگەر خانەنشین بوو یەك پاسەوانی تاکۆتایی ژیانی لەگەڵ بێتن، باقی ئەوە

بوو كە كاك (عەونی) خوێندیەوە، تەنها لەسەر ماددەی 2 ئیعتیراز هەبوو، ئێمە پێمان باشە لە چوار پاسەوان ببیٚ بە سیٚ پاسەوان، و لە دوو پاسەوان ببیٚ بە یەك پاسەوان

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی بە پییێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش تەنیا موناقەشە لەسەر ئیعیترازەكە ئەكریٚ، یەعنی ئەوەی كە پەرلەمان ئیقراری كردووە و سەرۆكی هەرێم موافەقەتی كردووە بووە بە قانون، ئیعتیرازەكە كە گرتوویەتی ئێستا پەرلەمانتاران حەقی موناقەشەیان هەیە لەسەری، ئیعتیرازەكە لەسەر عەدەد بووە، ئێستا داواكاریەكە ئەوەیە كە لەكاتی دەوام سیٚ پاسەوانی هەبیٚ پەرلەمانتار، لە كاتی خانەنشینی یەك پاسەوانی هەبیٚ، ئێستا موناقەشە لەسەر ئەوە ئەكەین، كیٚ ئەیەویٚ قسە بكا تا ناوی بنووسین؟ تەنیا یەك كەس، فەرموو كاك بورهان

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەراستی پێم خۆشە هەندێك بیروڕای تایبەتی خۆم بلێم، هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی عێراق ڕەفزی كرد لەسەر میلاكی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی حیمایەی پەرلەمانتارەكان بكات لەبەر ئەوەی موئەسەسەیەكی سەربەخۆیە، ئێمەش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (91) پەیڕەوی ناوخۆ كە لەبەر دەستمان دایە و پێویستە ئیشی پیٚ بكەین، هەر چ هێزێك بە پاسەوانی دەرەوە، بە هی ناوەوە، هی پەرلەمان بێت، سەر بە ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی و ئێشكگری بیٚ ئەوە ئیشی پەرلەمان خۆیەتی حەجم و قەبارەی دیاری بكات نەك سەربە وەزارەتی ناوخۆ بیٚ، ئەمە یەك، دوو، من بڕوام وایە لەگەڵ حورمەتم بەهۆی لەیەك خوێندنی هەندیٚ ئەندام پەرلەمان و تەداخولی وەسائیلی ئیعلام شتەكە بە نەوعێكی سەیری لێهاتووە، من بڕوام وایە ئەگەر یاسا دائەنریٚ با بۆ هەمووان بیٚ، بۆ هەموو بەرپرسەكان، بۆ هەموو موئەسەسەكان.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

موناقەشەی ئێمە بەرنامەی كارە، لەسەر بەرنامەی كار قسە بكە، تەحدید كراوە، حیمایەی پەرلەمانتارەكانە، بچیە شوێنەكانی تر ڕاتئەگرم...

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

مەسئول حیمایە، مەبەست حمایەیە، حیمایەش موتەعەلیقە، موستەلەحێكی عامە، من قەناعەتێكی ترم هەیە كە پێویستە ئەمە نەكریٚ بە قانون، سەرۆكایەتی پەرلەمان خۆی، هەرسیٚ سەرۆكایەتی پەرلەمانەكە یان ئەمرێكی ئیداری دەربێنن ڕێكیبخەن، یان بە تەعلیمات ڕێكیبخەن، و قەناعەتیشم وایە ئەندامی پەرلەمان موحاسەبەی وەزیر ئەكات، پرسیاری لیٚ ئەكات، پێویستە كارێك بكریٚ تەوازن بپارێزریٚ لە نێوان